## سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد چاویان لە گەندەڵیی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەشارنەوە

سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ شاسوار عەبدولواحید داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد چاویان لە گەندەڵیی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەشارنەوە.

شاسوار عەبدولواحید لە تویتێکدا کە لە ڕێگەی پەڕەی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاویکردۆتەوە و (المطلع) بەدوایدا چوو, نووسی، "دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان هیچ هەڵبژاردنێک ئەنجام نادەن، ئەمە زیاتر لە 10 ساڵە یاسای بودجەمان نییە، ئازادی ڕادەربڕین و دیموکراسی بەردەوام لە خراپبووندایە، هەروەها بوونی میلیشیا و دەسەڵاتی تاکەکەسی دامەزراوەکانی حکومەتی لاواز کردووە".

ئەوەشی وت، "پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە کاتی خۆیدا هەنگاوی ورد بنێت و چاوی لە گەندەڵیی نەگرێتەوە".